بەختیار کەریم



# گۆڕستانی ماچ و پەپولە



بەختیار کەریم

**بەو پەپولەیە پێشکەشە کە ئێواران پەمەییڕەنگ دەمرێتە بوونمەوە!**

ئەو ئێوارەیە لە چاوەڕوانی مردنتا

سەرت نابوو بە سنگی بەردئاسای ژیانەوە

برسی: برسیتر لەو نەورەسانەی

شەپۆلی دەریایان لێ دەکرێتە  سەرابی بیابان

بێزوت بە هەناری ژیانێکەوە دەکرد

کە مەگە ر لە درەختی مەرگی بڕنیت

لێم پرسیت: گەر درەخت بایت چیت دەگرت؟

چرپاندت پەپولە

منیش لە ژێر لێوەوە قیژاندم ماچ!

ئی دی تۆ پەپولەیی ڕژایتە سەرچناری حەزەکانمەوە

منیش ماچ ماچ لە شۆڕەبی کورتەبالآی ژیان بومەوە

پەپولەیی شیلەی مەرگت لە گوڵی

قەدکراوی نێو کتێبەکانم دەگرت

بە گوێی داربەڕوویەکی هەرزەکاردا چرپاندت

(درەنگە بۆ ژیان!)*

با پێکەوە بمرینە چاوی کوێرە گووندێکی قەراغ شارەوە

ئی دی

من!  ئەهریمەنانە ماچی هەناسەتم دەکرد تا

تۆ!  پەپولەیی مردیتە گۆرستانی ماچەکانمەوە

*هاوڕیم سالار ئەحمەد ڕۆژی چەند جارێک بەو پەڕی نیگەرانیەوە دەیووت (درەنگە بۆ ژیان).

**بەڵام هەرگیز نەمزانی ئەوە ووتەی خۆیەتی یان نا .**

**دیسەمبەری** 2003